# خێزانەکەم



بنەماڵەکەمان لە خۆم، باپیر و داپیر، دایک و باوک، برا و خوشکم پێکهاتووە و ئەز بچووکترین ئەندامی ئەم کۆمەڵە خۆشەویستەم.

ئەندامانی ماڵباتەکەمان گەلێک شاد و دڵخۆشن، چونکە هەموومان یەکترمان خۆش دەوێت و پێکەوە بە تەبایی دەژین.

هەر چەن سەردەمی لاویتی باپیرم، ڕادەی خوێندەواری خەڵک لە وڵاتی ئیمەدا کەم بوو و ئەو کات هەموو کەس پێی نەدەکرا بە هاسانی ڕێگەی خوێندن بگرێتە بەر، بەڵام باپیرم باوکمی بە خوێندەواری پێگەیاند و هەموو هەوڵی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی کە بابم بتوانێت پلەکانی خوێندنی قوتابخانە تێپەر کات.

دایک و بابم ئێستا کار دەکەن و بەخێو کردنی خێزانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان.

باوکم ئێمەی زۆر خۆش دەوێت و ڕێزمان دەگرێت، زۆر بە نەرمی لە گەڵ دایکمدا دەجووڵێتەوە و هەمیشە هەوڵی حەسانەوە و دڵخۆشی باپیر و داپیرم دەدات.

باوک و دایکم زۆر بە پەرۆشی پەروەردە و پێگەیاندنی ئێمەوەن، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا بۆ خۆمان و نەتەوە و کۆمەڵگامان سوودبەخش و بەهرەمەند بین.

دایکیشم بە هەموو توانایەوە هەوڵی جوان بوون و گەشانەوەی زیاتری ژیانمان دەدات.

بنەماڵەکەم زۆر بەختەوەرە، چونکە هەریەک لە ئەندامانی ئەرکی خۆی دەزانێت و بە ڕێکوپێکی دەیباتە سەر. بچووک ڕێزی گەورە دەگرێت، گەورەش یارمەتی بچووک دەدات.

هیوادارم هەموو بنەماڵەیەک وەک ئێمە وا بێت.

---

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:



دەجووڵێتەوە: دەبزوێت

توانی: شیا، کاری

ڕێزگرتن: قەدر و ئیحترام گرتن

ماڵبات: بنەماڵە، خێزان

---

* پرسیار

1. ماڵبات بە گشتی لە چ کەسانێک پێک دێت؟ ..............................

..............................

2. بۆچی ئەو بنەماڵەیە زۆر بەختیار بوو؟ ..............................

..............................

..............................

3. ئەرێ لەو بنەماڵەیەدا گەورە یارمەتی بچووکی دەدا؟ ..............................

..............................

4. ئەرێ گەورەکانی ئەو بنەماڵەیە پەروەردەکردنی مناڵەکانیان بۆ گرینگ بوو؟ ..............................

..............................

5. ئایا ڕێزگرتنی گەورە و بچووک لە یەکتر گرینگە؟ بۆ؟ ..............................

..............................

..............................



6. بە ڕای تۆ پەروەردەکردنی مناڵ گرینگە؟ بۆ؟ ..........

..........

..........

..........

---

* پرسیار بۆ ئەو وڵامانەی ژێرەوە دابنێ:

1. ..........

باوکم خۆش دەوێت، چونکە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی باش بۆ ئێمە، هەمیشە لە هەوڵ دایە.

2. ..........

دایکم خۆش دەوێت، چونکە هەموو تەمەنی خۆی کردۆتە فیدای بەختەوەری و بوژانەوەی ژیانی ئێمە.

3. ..........

من مرۆڤەکانم خۆش دەوێت و بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا هەرچیەکی لە دەستم بێت دەیکەم.

---

* هەرکام لەم وشانەی خوارەوە بە هێڵێک بگەیەنە بە وشەی هاوگونجی خۆیان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەنک | بابەگەورە | مام | برای باوک |
| پوور (پەلک) | داپیرە | کچەمام | برازن |
| باپیر | خوشکی دایک و باوک | ژنی برا | پزمام |
| خاڵ (لالۆ) | برای دایک | کوڕەمام | دودمام |